**بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**
**بەرپرسانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان**

ڕاگواستنی بارگا و شوینی ژیانی ئەندام و بنەماڵەکانی کۆمەڵەکان لە زرگویزەوە بۆ سووورداش بە پیلانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بڕیاری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، هەروەها ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن ئاسایشی سلێمانییەوە بۆ ئێران، بۆتە هۆی تۆڕەیی و نارەزایەتی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و تەواوی ئازادیخواز و چالاکانی بەرگری مافی مرۆڤ.

لای هەموومان ئەو ڕاستیە ئاشکرایە نەیارانی کورد لە وڵاتانی دەروجیران بە درێژایی حەولی تێکۆشەرانی داکۆکیکار بۆ پاراستنی کەرامەتی کوردانە و ئینسانیمانی لەڕیزی ڕێکخراوە خەباتکارەکانمان دا لە هیچ دژمنایەتیەك بۆ تیکدانی ڕیزەکانمان و بەلارێدابردنی ئامانجی سەرەکی و لە بنەڕەتدا هاوبەشمان، خۆیان نەپاراستوە. لە هەر دەرفەتێکدا ویستوویانە نەك ڕەنجی کورد بە بادا بدەن، بەڵکوو زەبرێکی گەورە لە یەکیەتی نەتەوەیی و هەرچەشنە خەمخۆری وهاوسۆزیەکمان بوەشێنن. لەم پێناوە دا بە شێوازی جوراوجۆر کۆشاون بە داردەست کردن و بەلارێدا بردنی خەباتکارانی نیشتمان بە تاك و کۆ، زەبری کاریگەر لە هەر جۆرە نزیك کەوتنەوە، هاو خەباتی ولە تەنگانەدا بە تەنگ یەکتر چوونمانەوە بوەشێنن. واتە هەرنەبێ "سەروەری مێوانداری" ئەگەر تەنانەت خەڵکی باشوور کورد لە ماڵی کورد بە مێوان حساب کەن! لێمان پووچەڵ کەنەوە.

ئەم دوژمنکاریە بێ بڕانەوەیە یەکەم ئامانجی دڵ ساردکردنەوەی جەماوەری کوردستان بە دواڕۆژی سرفرازانە لە ئاکامی خەباتی خەباتکارن لە کوردستان بە تایبەت باشووری وڵاتمان لەو هەلە تایبەتەدا بوە کە بۆ ئەم هەرێمە ڕەخساوە.

لە شاردنەوە نایێت، زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە بە ئاشکراو نهێنی خەباتکارانی بەشێ ڕۆژهەلات بە تایبەت لە مەڵبەندی دەسەلاتی سلیمانی، و بە گشتی هەرێم دەبن بە ئامانجی دەزگای ترۆری کۆماری ئێسلامی!!؟ ناو، نیشان و شوێنی ترۆرکرانی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەلات بە وردەکاری حاشا هەڵنەگر کە لەم هەرێمە دا لە خوێن گەوزێندراون لە بەردەست دایە.

ئێتر بەزاندنی سنوورە دەسکردەکانی خۆیان و پەلاماری سەربازی تا هاژەك و درۆنباران کردنی مێوانانی ڕۆژهەلاتی کە پێیان وابوە نەك مێوان بەڵکوو لە ماڵی براکانی خۆیان پەنایان گرتوە لە پەنای بارەگاکانی یەکیەتی نیشتمانیدا هیچ پاساوێك بۆ بێدەنگی و ئەگەری هاو کاری لاوەکی دوژمن بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵ ناگرێت. ئەمە تەنێ خەمی داردەستی و بەلارێدا چوونی لاینێك نیە، خەمی بە ئاکام گەیشتنی پلانی تێکدانی ڕیزی کوردستانیان و وێ کەوتنی خەنجەری کوشندە لە لاین کورد خۆیەوە بە فیتی دوژمنی هاوبەش وەك کارەساتێکە کە بێ شك لەمێژووی ئەو لایەنانەی دەبن بە داردەستی دوژمنانمان بە شوورەیی مەزن تۆماردەکرێت.

**ئێمه وەك بەشێك لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان**

داوا و خوازیاری بە پەلەمان لە جەماوەری هەرێمی کوردستان هەیە هەتا بەرانبەر بەم کردارگەلە بێدەنگ نەبن.

داوا دەکەین بەرپوەبەرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

١. واز لە سیاسەت وکرداری جێ بە جێ کردنی شوێنی تا ئیستا و درێژماوەی پەنابەرانی خەباتکاری ڕۆژهەلاتی کوردستان بهێنن، ئاسایش وئەمنیەتی گیانیان بپارێزن.

٢. وێڕای سەرکۆنە کردنی کرداری ڕادەست کردنەوەی بێهزاد خوسرەوی بە جێد خوازیارین کرداری هاوشێوە دووپات نەبێتەوە.

درێژەدان بەم هاو هەڵوێستیە پڕ لە خزمەتکاریە ئاشکراو نهێنیە بە دوژمنانی کورد وکوردستان، بێگۆمان لەکۆتاییدا زیانی مەزنتری ڕووی لە دارمانی حورمەتی جەماوەری ڕیزکانی خۆیشتان دەبێت.

د. ئیبراهیمزادە، عەبدوڵلا

ئیبراهیمی، سەتار

ئیمامی، قادر

د. ئەمینئاوە، کامران

بابایی، سەدیق

باپیرە، خالق

بەلەدی، یەدی

بەهمەن عەلیار

پاکسرشت، هاشم

پیرۆتی، ئاسۆ

تووفانی، بەهمەن

جەلال، نەبەز

چێشتە، ڕەحیم

حەواری نەسەب، خەلیل

دولبەر، ڕۆژین

ڕۆستەمی، جەعفەر

ڕۆستەمی، ئیدریس

ڕەشیدیان، جەمیلە

زارع، جەماڵ

سارایی، فەرهاد

سوڵتانزادە، مینا

سوڵتانپوور، تەها

سۆهرابی، تۆفیق

سەبار، سەلام

سەرەوزان، وەهاب

شێخی، کاوە

شێرخانی، جەعفەر

د. شەعبانی، هومایون

عوسمانی، عەلی

عەبداڵی، عەبدوڵڵا

عەزیزی، لوقمان

عەزیمی، ناجی

فتووحی، کوێستان

فەتحی، نادر

د. فەرووخ، ئاسو

قادری بانە، ناجی

قادری، حەیدەر

کەریمی، عەبدوڵڵا

لۆرستانی، ئارەش

ماوەڕانی، حەسەن

محەمەدپوور، ئازاد

محەمەدی، عەلی

محەمەدی، مستەفا

محەمەدی، هوشیار

مورادی، ئەیووب

مەحموودیان، نەسرین

د. مەولەوی، سرور

ناوە، جەلال

هەمزەزادە، ئەحمەد

یۆسفی، ئیدریس

یەخەچاڵی، نەجمەدین